# بۆ ڕەحمانێکی زۆر **غەریب**

ساتیرەشیعری: **حەمەسەعید حەسەن**

من ترس دەخەمە دڵی بێباوەڕانەوە و ئێوەش ملیان بپەڕێنن! خودای مەزن، سوورەتی ئەنفال ١٢
ئێمە سەریانمان پان کردەوە، ئێوەش پەڕوباڵیان بکەن. نەوشیروان مستەفا ، سەرەتای ئایاری ١٩٨٣

ئەوە شتێکی نوێ بوو
کەسێ هێندە بێ گوێ بوو
جورئەتی کرد بپرسێ:
ئەو سامانەت لە کوێ بوو ؟

ویژدانی گەل خەوتبوو
تۆ بێدارت کردەوە ،
تۆ بیرۆکەی شۆڕشت
هێنایە نێو کوردەوە.

تۆ بووی یەکەم شمشێرت
هەڵکێشا بە ڕووی زوڵما ،
قەیرانی قارەمان بوو
بۆمان بووی بە کاریزما .

حیکمەتی تۆ نەبووایە
بە فیرۆ دەچوو ڕەنجمان،
بە هۆی تۆوە وابەستەی
خاکی وەتەنن گەنجمان.

ئەی خاوەنی دەسەڵات
ناوی خوای لێ بهێنە!
ئەوی فززەی لێوە هات
وەکوو سەگ بیتۆپێنە!

ئەوە شتێکی نوێ بوو
کەسێ هێندە بێ گوێ بوو
جورئەتی کرد بپرسێ:
ئەو سامانەت لە کوێ بوو ؟

2007. 03. 28